# وەفدی کوردستان، یان شۆڕەبییەکانی برۆکسل



## دکتۆر کەمال میراودەلی

سەرنج: بە کوردستان، کە لە هەموو شتێک لای من پیرۆزترە، گەرباوەڕم وابووایە سەدی یەک، دووبارەی دەکەمەوە تەنیا سەدی یەک. هاتنی ئەو بەناو وەفدە بۆبرۆکسل عەقڵ و ئەخلاق و پرۆژەو بەرنامەو خواستی ڕاستەقینەی میللەتەکەمی تێدایەو، تەنیا شوورەییەکی ڕیسواکەرو بێ مانا نییە، ئەم هۆنراوەیەم نە دەنووسی و بە هەموو دڵ و کوڵێک پشتگیریم دەکرد. بەلام ڕۆحی پیرۆزی پیرەمێرد پێی وتم: بنووسە:

وەفدی کوردستان میللەتفرۆشان

هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان

دەک خەجاڵەت بن لە ڕووی مەحشەرا

ئێمەش خاک و خۆڵ دەکەین بە سەرا

هاتنە برۆکسل بۆ سەربەخۆیی

سەرتان وا شۆڕ بوو،

بوون بە شۆڕەبی!

هەروا دەزانن ئەورووپاش وایە

زەمانی خێڵ و گەمژەوگەوایە

دەستوور، پەرلەمان رۆژی ئاوایە

گەرنەوتدزبی، ڕێگات واڵا یە.

بۆ ئێوە وەفدن، چۆنە نوێنەرن؟

ڕەوایی ئاخر لە کێ وەردەگرن؟

کام پەرلەمانە، کامە ئەنجومەن

پێی وتن ئێوە وەفدی ئەم گەلەن؟!

بۆم ئەورووپایە چیتان هێناوە

لە جەهالەت و فشە بەولاوە؟

سەرۆک کوا هەیە بە بێ پەرلەمان

بە بێ دەستوورو دەزگاو یاساکان؟

یان هاتوون خۆتان بکەن بە عیبرەت

بێ عەقڵ، بی بیر، بێ باک، بێ غیرەت؟

کەسێ کە ڕێزی گەلی خۆی نەگرێ

ئەوروپای مەزن چۆن ڕێزی دەگرێ؟

کەسێ پەرلەمان بداتە بەرشەق

چ پەرلەمانێ دەیخاتە سەرهەق؟

کەسێ دەستوورو یاسای کردبێ فت

هەرئاوا فتی دەکەن کت و مت

میوەیەک بە سەرچوو بێ، گەنی بێ

کێ تامی دەکات

تا پێی خەنی بێ؟

ئێرە کیشوەری دەستوور، یاسایە

بێ یاسا، هیچ کەس دەنگی دەرنایە

بنخانی عەقڵ، ناوی دەزگایە

سەرکردە دێن و دەڕۆن

وەک پێڵاو

میللەت دەمێنێ

وەک ئاو و هەتاو.

ڕوونکردنەوە:

## 1- فشەی ڕیفراندۆم و پەرلەمانی ئەوروپیی

به هۆی حیزب و میدیای حیزبیی چەواشەکەرەوە، عەقڵ و زانست و بیرکرنەوەو ئەخلاق لە باشوورنەماوە هەموو دەڵێن ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، کە شتی وا نییەو فشەیە.

وەک لە وتارەکانی پێشوودا ڕوونم کردەوە: مەرجی سفری ڕیفراندۆمی بە ستانداردی یاساو پراکتیسی جیهانیی، تێدا نییەو ، بۆ سەربەخۆییش نییە. بۆ بازرگانیکردنە بە خواستی سەربەخۆیی خەڵکەوە هەرکاتێ توانیان ئەم خواستە دەربڕن و بۆ ڕکەبەرایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی ڕۆژاواو خزمەتی ئەجندای تورک و سەعودیەیە.

بڕیاردانی ڕیفراندۆم بێ قسەی پەرلەمان، بۆ بەیعەت کردنە بە خەلافەتێکی بنەماڵەیی کە جێگەی خەلافەتی ئیسلامی داعش بگرێتەوە.

قبوڵکردنی ئەم فشەیە وای کردووە پارتی گرەوەکە بباتەوەو جەماوەر هەڵخەڵەتێنێ و هەر کەسێ ڕەخنەی بێ مانایی و بێ بناغەیی و تەنانەت ناپاکیی نیازی ڕێفراندۆم بکا، لای خەڵکی سادە وەک دوژمنی سەربەخۆیی حیساب بکرێ کە بە پێچەوانەوەیە.

هەموو نووسیان: [سەرۆک! بۆ پەرلەمانی ئەورووپا چووە!] و قسەی بۆ پەرلەمان کردووە شتی وا نەبووە: نە پەرلەمانی ئەورووپی نە هیچ پەرلەمانێ، نە هیچ ئەندام پەرلەمانێ، دوورو نزیک پێوەندییان بەم فشەبازییەوە نەبووە.

## 2- کۆبوونەوە لە پەرلەمان و بۆپەرلەمان نەبووە

لە هەر وڵاتێکی ئەورووپی دەتوانی ژوورێک، هۆڵێک لە ناو بینایەی پەرلەمان بۆ هەرچالاکییەکی سیاسیی، کەلتووریی کۆمەڵایەتی بەکرێ بگری و بەم جۆرە چالاکییەکە لە ناو پەرلەمان بکەیت. بەڵام ئەمە مانای وانییە هیچ پێوەندییەکی بە پەرلەمانەوە هەیە. بۆ نموونە بۆپرسە یان ژنخواستنیش بێت دەتوانی لە ناو هۆڵی پەرلەماندا بیکەی!

بۆ نموونە: سەیری ئەم لینکە بکە گەر دەتەوێت هۆلێک یان ژوورێک لە ناو پەرلەمانی بەریتانیا بە کرێ بگری. http://www.parliament.uk/visiting/venue-hire/

یان دەتوانی داوا لە ئەندام پەرلەمانی ناوچەکەت بکەی ژوورێکی یاتبەتیت بۆ بگرێ. واتە چالاکییەکە لە ناوبینایەی پەرلەمانەو پێوەندی بە سیاسەتی پەرلەمانەوە نییە.

دیارە ساختەچییەکانی بە ناو نوێنەری حکومەتی هەرێم لە برۆکسل ئەمەیان کردووەو بە پارە سێ چوار کەسیان بانگ کردووە، ئەمەش لە ئەوروپا ئاسانەو لۆبی (شەریکەی پێوەندییە حکومەتییەکان ) دەیکات. گەر پارە بدەی، دەتوانی هەر کەسێک بۆ هەر مەبەستێک داوەت بکەی؟ بە پارەی زۆر، ئەندام پەرلەمان و وەزیر هەن دەبنە گەوادیش وەک ئەوانەی بۆسەعودیەو قەتەرو شەریکاتی نەوت و شەریکاتی چەک کاردەکەن. تۆنی بلێر دوای وازهێنانی وەک سەرەکوەزیرانی بەریتانیا، بۆ بەدەسهێنانی ملیۆنەها دۆلار، بوو بە گەوادێکی دوەلی بۆ دەوڵەتانی خەلیج و دەوڵەتانی دیکتاتۆری وەک کازاخستان کاری دەکرد.

## 3- عەقڵی خێڵ لە ئەوروپا

گرنگی ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوروپا و هەر حکومەتێک لە ئەوروپا لەوانە بەریتانیاش لە ئاستی سفردابووە، وەک هەواڵی هیچ لە هیچستاندا بووەو، هیچ رۆژنامەو میدیایەک باسی نەکردووە. سەیری ڤیدیۆکان بکەن لە فشەمیدیای حیزبیی باشووربەولاوە کەسی ئەوروپای لێ نییە. تەنانەت کەسانی هەرە گەندەڵی وەک نەدیم زەهاوی کە دەلالی گەندەڵیی نەوتی باشوورە، و 11 ئەندام پەرلەمانی دیکەی بەریتانی کە بە رەسمی گوایە دۆستانی حکومەتی هەرێمن، کەس نەچوو، چونکە دەزانن لە سەریان دەکەوێت.

تۆ عەقلی کوردو میدیای کوردو سیاسەتی کورد لەگەل خۆت بێنی و

بۆخۆت لەگەڵ خۆت قسەبکەی و

هەروەک بۆ خێڵەکەت قسەبکەی شەرەخێڵەکەت (لەگەڵ گۆڕان) بۆ ئەوروپا بێنی و

سکاڵا بکەی کە فیدراسیۆنی خێڵەکانی باشوور(پەرلەمان) کۆدەتایان بەسەر خێڵەکەی تۆدا کردووە، بۆیە داوتنە بەرشەق و دەرت کردوون، کەچی خۆشت بە نوێنەریان بزانی و بە ناوی ئەوانەوە داوای دەوڵەت و سەربەخۆییش بکەیت؟.

# تۆ دەستوورت نەبێت

شەرعییەتی سەرۆکایەتیت نەبێت و بە خۆت بڵێی سەرۆک

# ناومالّی خۆت رێکنەخستبێت و لە جیاتی یەکێتی نەتەوەیی شەرەخێڵت هەبێت

# هیچ پەیامنامەیەکت بۆ سەربەخۆیی و رِیفراندۆم نەدابێتە نەتەوە یەکگرتۆکان

# دوای بیست ساڵ پێوەندیی و تەنانەت نۆکەرایەتیی بۆ ئەمریکاو بەریتانیا لە عێراق هیچ هاوپەیمانییەکت لەگەڵدا نەبن و یەک بەڵگەنامەی نووسراو[مەگەر بۆ شەرو جاشایەتی و کاریی ئیستیخباراتی] لە نێوانتاندا نەبێت و

# زۆر سەفیری عێراق لە وڵاتانی جیهاندا کوردن و جگە لەمەش هەرێم نوێنەرایەتی خۆی لە زۆرلە دەوڵەتاندا هەیە و هەموو لە دزیی و گەندەڵیی بەولاوە، هیچیان بە هیچ نەکردبێت. هیچ پێوەندییەکیان دانەمەزراندبێت، هیچ کامپەینێکیان ئەنجام نەدابێت، کەسیان لە هیچ ئاگادار نەکردبێت.

کە ئاوا باسی سەربەخۆیی بکەیت، بابەتەکە بۆ ئەوروپا هەر زۆر لەوە کەمترە کە شایانی یەک دەقیقە باس یان گاڵتەپێکردنیش بێت.

## 4- کۆبوونەوەوئەجنداو ئامانج

پشتگیریی جیهان بۆچی؟

گەر کۆبوونەوە بۆ کاری جددی وەک سەربەخۆیی بکەیت و بتەوێ پەرلەمانی ئەوروپا دەوری هەبێت:

دەبێ بەلای کەمەوە ساڵێک تا سێ ساڵ پێشتر پرۆژەو پەیامنامەی نووسراوت بۆ ناردبن،

ئەجنداو ئامانج و ئەنجامت دیاری کردبێت

بۆ دەتەوێت کۆبوونەوە بکەیت لەگەڵ کێ، چۆن کەی و تا ماوەی چەند و چەند کۆبوونەوە؟و... هتد،

ئەوسا بۆ خۆت لە ڕێگای پێوەندی دیپلۆماسی و کەمپەین و لۆبی و میدیاو رای گشتییەوە کاری بۆبکەی.

فەلەستینییەکان یەکەم پەیامنامەی نووسراویان بۆسەربەخۆیی ودەوڵەت لە ساڵی 1964 بەرهەم هێنا، ئێستاش خەبات بۆ دەوڵەتەکەیان دەکەن و هەنگاو بە هەنگاو دەوڵەت دوای دەوڵەت ئیعتیرافیان پێ دەکاو دەزگاکانی نەتەوەیەکگرتۆکان قبوڵیان کردوون، بەلام هێشتا زۆریان ماوە. http://www.palwatch.org/main.aspx?fi=640&doc_id=8210

## 5- برۆکسل بۆ؟

دواکەوتوویی عەقڵی سیاسیی خێڵ و لەشکری ڕاوێژکارەکانی، لەوەدایە کە بۆ پرسی سەربەخۆیی یەکەم قیبلەنمای برۆکسل دەبێت، ئەویش بەوئەنجامە جوانەوە.

برۆکسل بۆ؟ چ پێوەندی بە سەربەخۆیی کوردەوە هەیە؟

چ دەسەڵاتێکی هەیە؟

ئەوە لەگەڵ ئەردۆگان گیری خواردووەو هیچی بۆ ناکرێ. لە کێشەو جەنگی سوریاو عیراقدا یەکێتی ئەوروپی چ لە ڕووی سیاسییەوە چ لە ڕووی سەربازییەوە  دەورێکی پەراوێزی هەیە. گەربرۆکسل بە ڕەسمیش پشتگیری ڕیفراندۆم بکات لە سەرئەرزی واقیع لە هیچ ناگۆڕێت. بۆ؟

سەربەخۆیی لە پرینسیپی بریاردانی مافی چارەنووسەوە دێت.

مافی چارەنووس پرسێکی یاسایی نێونەتەوەیی یە کە لە پەیماننامەو پرئیسیپەکانی نەتەوە یەکگرتۆکانەوە دێت وڕووبەڕووی ئەویش دەبێتەوە.

مافی چارەنووس بڕیاردان بۆکوردی باشووڕپرسی جیابوونەوەی تەواوە لە عێراق.

تۆ دەبێ کەیسی جیابوونەوەکەت بە پێی دەستووری عێراق و یاسای نێونەتەوەیی ئامادە بکەیت و بە بەڵگەو ژمارەوە، بۆ نەتەوە یەکگرتۆکانی بەری نەک لە یەکێتی ئەوروپا و برۆکسل بپارێیتەوە!.

کەیسی جیابوونەوەو سەربەخۆیی تەنیا و تەنیا لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتۆکان یان دانوستاندن و ڕەزامەندی حکومەتی عیراقەوە دێت.

بەڵام ئەم دووانە لێک دابڕاو نین. دەتوانن داوا لە نەتەوە یەکگرتۆکان بکەن کە لە پرۆسەی دانوستان لەگەڵ عێراق یارمەتیتان بدات. [ ئەمەش ئامادەکاریی زۆری دەوێت و بە چەند ساڵێش تەواو نابێت بە تایبەتی، کە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانی دەرەوەی هەرێمیش بگرێتەوە: ئەمە بمانەوێت یان نەمانەوێت کێشەی تەنیا کورد لەگەڵ عەرەبی عێراق، سوننەو شیعە نییە، بەڵکو کێشەیەکی ناوچەیی و جیهانیشە. سەیر بکەن کێشەی سوریا چۆن بوو بە کێشەیەکی جیهانیی و چەند قوربانی وویرانیی لێکەوتەوە.]

تەنیا دوای ئەم پرۆسەیە پشتگیریی دەوڵەتان گرنگیی دەبێت بە تایبەتی پشتگیریی ئەو دەوڵەتانەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتۆکانن: ئەمریکا، روسیا، چین، بەریتانیا و فەرەنسا.

واتە دەبوو هەموو کارو هەوڵێکی کورد لەم بیست ساڵەی دواییدا ئەوە بووایە، کار لە سەر ئەوە بکات ئەم وڵاتانەی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ سەربەخۆیی خۆی ڕازیی بکات.

ئێستا هەردوو لایەنی دانوستانی سەربەخۆیی لە عێراقن: حکومەتی عێراق کە سەرەک کۆمارەکەی کوردەو کورد دەوری کاریگەریی هەیەو ، یۆنامی کە نوێنەری نەتەوە یەکگرتۆکانە لە کوردستان.

چیتان کردووە لەگەڵ ئەوان؟

پێویستیتان چ بوو بە برۆکسل؟

ئایا تاکە ستاتوویەکی یاسایی نێونەتەوەیی کە هەرێم هەیەتی دەستووری عێراق نییە؟ خۆت دەستوورت هەیە؟

ئایا نەتەوەیەکگرتۆکان، یەکێتی ئەوروپی، ئەمریکا، بەریتانیا، ئەلمانیا و... هتد، پێت ناڵێن کە نابێ لە دەستووری عێراق لابدەی بە تایبەتی بە پەلهاویشتن بۆ ناوچەکانی دەرەوی هەرێم؟

ئایا شکاندنی دەستووری عێراق مانای ئەوە نییە ئەو تاکە لکەدارە دەبڕیەوە کە لەسەری وەستاوی؟

ئایا ئەمە دەرفەت نادات بە شۆڤێنییەکان و حەشدی شەعبی کە ئەو مافە سەرەکییانەی لە دەستووردا هەتن ئەوانیش پاشەکشەی لێ بکەن و، ئەمجار ئەوان لە جیاتی داعش بەرەو هەولێریش بێن؟

پێشتر ئێران هات بۆ پاراستنتان لە دوژمنی هاوبەش داعش، ئەی ئەمجار کە ئێرانیش هاتە ناو هەرێمەوە بۆ پاڵپشتی حەشد و زۆر ناوچەی داگیرکرد، چ دەکەن؟

بۆ ئێران دەتوانێ لە سوریا و لوبنان ئەمە بکا، بۆ ناتوانێ لە سنووری خۆی بیکات؟

کە بە لافاو کوردیان لە کەرکوک و ناوچەکانی تر دەرپەڕاند چ دەکەن؟

چ هێزو دەسەڵاتێکی فسفسپاڵەوانانەت هەیە دیفاع لە خۆت بکەی کە ئەمریکا دیفاعت لێ نەکات؟

یان تورکیا دیفاعت لێ دەکات، هەروەک چۆن لە کاتی میوانەکانی داعش دا دیفاعی لێ کردی؟

فشە جیایەو حەقیقەت شتێکی ترە.

بەس ئەم میللەتە بکەنە قوربانی خێڵ و خیانەت.

بۆ گەڕانەوە بۆ سەرەتا، کلیک بکەرە سەر

www.wtarikurd.info